یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــــا"

Koerdische Vereniging in Nederland - Midia

رۆژ: 2017/05/11
ژمارە : 2017-05-11. KVA.SA. 04

# بانگێشتنامەی تایبەت رۆژی 03-06-2017
# بێ بەرانبەر بۆ بینینی نمایشی شانۆگەری (دەڵەمە و نارنجۆک)ی
## گروپی شانۆی بێسنور لە شاری زوتەمیر



به خۆشحاڵیەوە ئەمساڵیش گروپی شانۆی بێسنور، وەک چالاکیە بەردەوام و پڕ بەخششەکانی ساڵانی پێشوویان، دوای پێشکەشکردنی چەند نمایشێکی جیا جیا لە شارەکانی هۆڵەندا، ئێوارەی رۆژی شەممەی رێکەوتی 03-06-2017 لە سەر شانۆی یەکێک لە هۆڵەکانی شاری زوتەمیر لە هۆڵەندا، شەوێکی کەلتوری لە چەند دەقێکی شانۆییدا بەناونیشانی - دەڵەمە و نارنجۆک - پێشکەش ئەکەن.

ئەم شانۆگەرییە فیۆنا سۆرانی لەدوو دەقی شانۆیی هارلۆدپنەر و فرناردۆ ئاراپاڵەوە- ئامادەی کردووە. دەرهێنانی باکۆ سۆرانی، مۆسیقا حەمە بەکر، شایانی باسە پێشتر ئەم نمایشە لە چەند شارێکی دیکەی هۆڵەندا، وەک ئەپڵدۆرن نمایش کراوە.

نواندنی کۆمەڵێک ئەکتەری هۆڵەندایی و کورد و نەتەوە جیاوازەکانی دیکە رۆڵی تێدا ئەبینن.

ناوەڕۆکی - دەڵەمە و نارنجۆک - باس لەکێشەکانی جیهانی سەردەمی نوێ ئەکات، بەتایبەت کێشەی دەسەڵات و زەووتکردنی مافەسەرەتاییەکانی مرۆڤ و نەخشە دانان بۆ بەدووژمنکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدیدا.

ئەم دەسەڵاتە لەلایەن ژەڕەناڵێکەوە بەڕێوە ئەچێ کەلەشانۆییەکەدا بەبێ دیالۆژ لەسەرەتاوە تاکۆتایی دەرئەکەوێ. بۆ بەرجەستەکردنی دەسەڵات پێوستت بە دیالۆژ نییە، چونکە زووربەی کات دەسەڵاتداران بەهیچ شێوەک دیالۆژ یان نیە وشەکانیان گەلێک زۆرە، بەڵام بێ دیالۆژن.

- دەڵەمە و نارنجۆک - چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشەرە، فرە خەندە ئەخاتە سەر لێوی بینەران و هاوکات تراژیدیایەک بەرجەستە ئەکات، کە هەست ئەجووڵێنی بۆ بیرکردنەوەیەکی قوڵ.

De Pudding met Granaten
Het stuk draait om de kloof die gaapt tussen de onuitputtelijke mogelijkheden van de mens en hun uiteindelijke levens. Het onderdrukken van de persoonlijke vrijheid en het gebruik van geweld wordt op satirische wijze uitgewerkt. Een lach en een boodschap worden in dit stuk gecombineerd. Première: 03 juni 2017,
20:00 uur , Waar: Ichthuskerk, Parkdreef 258, 2714 EZ Zoetermeer.
Kaarten : Gratis
Reserveren: 0616661895

بە ناوی یانەی کوردی "میدیـــا"ەوە لە هۆڵەندا، وەک پشتگیری و هاندانی (گروپی شانۆی بێسنور) تۆی ئازیز بە تایبەت بانگێشت ئەکەین، بۆ بینینی شانۆگەری **دەڵەمە و نارنجۆک.**

**لیژنەی**
**سەرپەرشتی یانەی کوردی"میدیـــا"**